دەزگای ئاسایش بکوژی پیاوە بەساڵاچووەکەی هەڵەبجەی دەستگیرکرد

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەستگیرکردنی بکوژی پیاوە 85 ساڵەکەی گەڕەکی گوڵانی هەڵەبجەی راگەیاند و دەڵێت؛ لەگەڵ کەسێکی دیکە کێشەی هەبووە و بە هەڵە تەقەی کردووە.

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە راگەیەندراوێکدا کە ڤیدیۆی ساتی کوشتنی هاونیشتمانییەکەی هەڵەبجەی لەگەڵ بڵاوکردووەتەوە دەڵێت "بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور، بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە، بکەری سەرەکیی رووداوی کوشتنی هاووڵاتییەکەی گەڕەکی گوڵان لە پارێزگای هەڵەبجە بەناوی (ی. ع. م.) دەستگیرکرد و، دەستیش گیرا بەسەر ئەو چەکەی تاوانەکەی پێ کرابوو."